# ئێیدزی رۆژهەڵات

نورەدین وەیسی




بۆ ماوەی شەش رۆژ (2006/8/18-13) تۆرۆنتۆ میواندارى شازدەمین وگەورەترین کۆنفرانسی نێودەولەتی دەربارەی ئێیدز(Acquired Immunodeficiency Syndrome (AIDS کرد کە نزیکەی بیست وشەش هەزار کەس تێیدا ئامادەبوون وسێ هەزار رۆژنامەوانیش کۆنفرانسەکەیان بۆ میدیاکانیان دەگواستەوە ، ئەزیش وەك رۆژنامەوانێك سێ رۆژان بەشداریم تێداکرد کە رەنگە ئەمە یەکەمجاربێت رۆژنامەوانێکی کورد بەشداری لە کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی تایبەت بەوپرسەی کردبێت.

لە درێژایی رۆژانی کۆنفرانسەکەدا کە بیست ملیۆن دۆلار خەرجیەکەی بوو بەدەیان چالاکی جۆراوجۆری وەك کۆروسیمینار،پێشانگا ونیشاندانی فیلمی بەلگەنامەیی وکۆنسێرت بەرێوەچوون ، پەرتووکی تایبەت بە چالاکی وپرۆگرامەکانی کۆنفرانسەکە تەنها پێنجسەد لاپەرە بوو ! ئەویش تەنها زۆر بەکورتی ئاماژەیەکی سەرپێی بەچالاکییەکان کردبوو!،رۆژانەش رۆژنامەیەکی تایبەت بەهەرسێ زمانی ئینگلیزی،فەرەنسی ،ئیسپانی بەنێوی ((دەنگی رۆژانە )) دەردەچوو.هەروەها بە هەزاران پەرتووك ونامیلکەوبلاوکراوەو سیدی تایبەت بەونەخۆشییەو تەنانەت کۆندۆمیش بە خۆرایی بەسەر ئامادەبووان دابەش دەکران.

پێش چارەکە سەدەیەك لەمەوبەر ئەم نەخۆشییە کوشندەیە دۆزرایەوەو تا ئێستا پتر لە بیستوپێنج ملیۆن کەسی کوشتووە وپەنجا ملیۆنیش تووشی ڤایرۆسی (HIV (Human Immunodeficiency Virus بوون کە رۆژانە یازدە هەزار کەس دەکوژێت وبەشی زۆری تووشبووەکانیش لە ئەفریکان وبەهۆی دەستکورتی وهەژاری وریژەی بەرزی نەخوێندەواریش ئێیدز ئەمرۆ هەرەشەیەکی گەورە لە ژیانی ئەفریکاییەکان دەکات.

هەردوو بیل (بیل کلینتن) و(بیل گەیتس) بەشداربووی هەرە دیاری ئەم کۆنفرانسەبوون وهەمیشە جێگەی

سەرنجی میدیاکان بوون بەتایبەتیش بیل گەیتس کەلەدانیشتنی کردنەوەی کۆنفرانسدا پەیڤێکی پێشکەش کردونیوملیار دۆلاری بەخشیە هەوڵەکانی قەڵاچۆکردنی نەخۆشییەکەویارمەتیدانی توشبووان کەبەپێی ڕێکخراوی UNAIDS -دەسگای نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە ئێیدز- پازدە ملیار دۆلار پێویستە بۆرووبەڕووبوونەوەی نەخۆشیەکە وتا ئێستاش تەنها هەشت ملیار کۆکراوەتەوە ، هەرچەندە تا ئێستا هیچ چارەسەرێکی بنەڕەتی وتەواو بۆ ئەم نەخۆشییە کوشندەیە نەدۆزراوەتەوە.بەڵام ئەنجامگیرییەکی سەرنجڕاکێشی ئەم کۆنفرانسە ئەوەبوو کەخەتەنەکردن هۆکارێکی یارمەتیدەری پاراستنە لە تووشبوون بە ڤایرۆسی HIV وبەرێژەی 60٪ پیاوی خەتەنەکراو لەمەترسی تووشبوون بەدوورە.

لە زۆربەی وڵاتانی دواکەوتوو یاتازەگەشەسەندوو لەبەرهۆکاری ئایینی ودابونەریتەوە نکۆڵی وپەردەپۆشی لە نەخۆشیەکە دەکرێت وتووشبوون بەو نەخۆشییە بەنەنگی وپەڵەیەکی شەرمەزاری دادەنرێت ئەمە لەکاتێکدا مەرج نییە هەرتەنها لەرێگەی پەیوەندی سێکسییەوە مرۆڤ تووش ببێت بەڵکو بەهۆی خوێن گواستنەوەش روودەدات وزۆرجار نەخۆشەکە هەر ئاگاشی لەوە نییە کەهەڵگری ئەو ڤایرۆسە کوشندەیەیە بەتایبەتیش چونکەتێچووی تێست وتاقیکرۆدنەوەکە گرانە ولەتوانای خەڵکی هەژاری ئەو وڵاتانەدا نییە وحکومەتەکانیشیان هیچ گرنگی وبایەخێك بەو پرسەنادەن.

لەماوەی رابردوودا میدیاکانی کوردستان جاروبار باسیان لە هەبوونی هەندێ کەیسی ئێیدز وئێچ ئای ڤی کردووە بەڵام هەمیشە دەسگا تەندروستییەکان دووپاتی نەبوونی ڤایرۆسەکە لەکوردستان دەکەنەوە ،ئەگەرچی کوردستان دەرگای بەرووی هاتنی خەڵك لەدەرەوە کراوەیەو تا ئێستاش نەمبیستووە ئەو خەڵکانەی لەدەرەوە سەردانی کوردستان دەکەن تێستی بزیشکی تایبەت بە ئێیدزیان بۆ کرابێت، بۆیە جەخت کردنەوەی دەستگا تەندروستییەکانی کوردستان لەسەر نەبوونی ئەو نەخۆشییە جێگەی پشت پێبەستن نییە.

وەك زۆربەی وڵاتانی دواکەوتوو ،لە کوردستانیش هۆشیاری تەندروستی لە نزمترین ئاستدایە، هەربۆیەش هیچ بەلامەوە جێگەی سەرسوڕمان نەبوو کە چەند مانگێك لەمەوبەر هاوکارێکم لە کوردستان کە هەڵگری بڕوانامەی زانستگەشە لێی پرسیم کۆندۆم چییە؟!

لە پشووی نێوان یەکێك لە دانیشتنەکاندا لەگەڵ خانمە رۆژنامەوانێکی دانیمارکی یەکترمان ناسی ، لێپرسیم رێژەی ئێیدز لەلای ئێوە لە چ ئاستێکدایە ؟ گوتم خۆشبەختانە ئەو نەخۆشیە کوشندەیە لای ئێمە رەنگە هەر نەبێت ،بەڵام وڵاتی ئێمە وزۆرینەی وڵاتانی پاشڤەرۆی رۆژهەڵات بەدەست دەردو ئێیدزێکی زۆر کوشندەتردەتلێنەوە کە ئەویش ئێدزی گەندەڵی و دیکتاتۆری وڕێزنەگرتنە لەمافەکانی مرۆڤ.